




# دیلان

دیمانە و فۆتۆ :

مەحموود نهێلی/ سلێمانی

(دیلان سەرکەفت محەمەد) تەمەنی یانزە ساڵە و لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی قوتابخانەی مەحوی یە لە شاری سلێمانی. ئەمساڵ (٢٠٠٤) توانی پلەی یەکەمی پاڵەوانێتی یاری تۆپی سەرمێزی عێراقی بەدەست بێنێ. و لەمەش زیاتر، دیلان پاڵێوراوە بۆ یارییەکانی پاڵەوانێتی جیهانی.

دیلان ئەڵێ: چونکە زۆر ئارەزووی ئەم یارییەم هەبوو، و مامۆستاکانم هاوکارییان کردم، توانیم بگەمە ئەم ئاستە بەرزە و پلەی یەکەم بەدەست بێنم

دیلان لە بنکەی (کارێوەی سەرا)ی سەر بە مناڵپارێزانی کوردستان، ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم یارییەدا پەیدا کردووە، حەزی لەم یارییە کردوە و مامۆستاکانیشی هاوکاریان کردووە و بەباشی فێربووە، دیلان باوەڕی بەخۆی هەیە و ئەڵێت: ڕەنگە لەسەر ئاستی جیهانیشدا بەیەکەم دەربچم!

ئەبێت ئەمەش بڵێین، دیلان چەند حەز لەم یارییە ئەکات، ئەوەندەش حەز لەخوێندن ئەکات و هەردووکیان پێکەوە بەسەرکەوتوویی بەڕێوە ئەبات.

نەخشە لە پاڵەوانێتی جیهانیش بێت و بەرەو سەرکەوتنی نوێتر.